سەید حەکیم و خەزعەلی تازەترین پێشهاتی سیاسی و هەرێمی تاوتوێ دەکەن



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی لە شێخ قەیس خەزعەلی ئەمینداری گشتی ڕەوتی عەسائب ئەهلی هەق کەوت.

لەم دیدارە باسی چەندین دۆسیەی ئێستا کرا لەپێش هەموویان پێشهاتە سیاسییەکان و تەواوکردنی کابینەی وەزاری، هەردوولا دووپاتیان کردەوە کە پێویستە بەردوام بن لە ڕاوێژکردنی سیاسی بۆ پاڵپشتی حکومەتی برا عەلی زەیدی بۆ ئەوەی چاکسازییەکانی خۆی ئەنجامبدات و ڕووبەڕووی ڕکا بەرییەکان ببێتەوە.

بەشداربووان جەختیان لە گرنگی بەکارهێنانی ئەم قۆناغە کردەوە بۆ دەستپێکردنی چارەسەرە ئابوورییە کاریگەرەکان کە ئابووری نیشتمانی هاندەدەن و سەرچاوەکانی هەمەچەشن بکەن، لەگەڵ گرنگیدان بە چالاککردنی کەرتە بەرهەمدارەکان و بەرزکردنەوەی سەرچاوەکانی داهات، جەختیان لەسەر پێویستی یەکخستنی پێگەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ئێستا کردەوە.

لەسەر ئاستی هەرێمیش هەردوولا گەشبینییان دەربڕی بەوەی کە ڕاوێژکارییە بەردەوامەکانی ناوچەکە دەبێتە هۆی چارەسەرێکی بەردەوام و دادپەروەرانە کە سەقامگیری بگەڕێنێتەوە و ڕێگری لە پەرەسەندن بکات، هەروەها ئاماژەیان بەوەدا کە ناوچەکە بەرگەی گرژیی زیاتر ناگرێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی جیهانی و بەرژەوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت...